کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-9-2007 14:16

**کوڕانی سیرات المستقیم ... سەعدوڵلا برایم خان**

کوشتنی نووسەر یەکێکە لەو پایە گرنگانەی کەخوێنەر تووشی ئەشکالیاتی مەعریفی ناکاتەوە، ئێستا



ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێت فەزایەکی ئاڵۆزە، زۆر ئەستەمە پنتە مەعریفیەکان بدۆزینەوە، ئەمەش فاکتەری خۆی هەیە، تێوەگلانی نووسەران بەزمانی زبرو پشگیری کردنی چەند ناوەند و کەسایەتیەك، کەدەوری خراپیان هەبووە لەکاتی تەنگژەکانی کۆمەڵگادا، ئەمانە و چەندین هۆکاری تر لە متمانەی مەعریفەیان کەمکردۆتەوە ئێستا ئێمە باس لەو تێڕوانینە هەڵەیەی خوێنەری کوردی دەکەین کە بەرامبەر بەمەعریفە هەیانە، چەند نموونەیەك لەم بارەیەوە دەهێنینەوە، دواتر دەچینە ناو مەبەستی بابەتەکە، فۆکۆ یەکێکە لەو بیریارانەی کەلەسەر مەعریفە ودەسەڵات توانی دابڕانێکی مەعریفی دروست بکات، وە لە چەندین بواری تری مەعریفی پنتی خۆی هەیە، بەڵام لەڕوی کومەڵایەتی و بواری تاکە کەسیدا کەسایەتیەکی جیاواز لەمەعریفەی خۆی بوو. فۆکۆ لەو کاتەی قسەی بۆ جیهان دەکرد، خۆی هۆمۆ سێکسواڵی بوو، لەناو ئاینی مەسیحیشدا ئەمە بەگەورەترین لادان لەڕێگای مەسیحیەت وێنا دەکرێت، کە چی ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کەئیتر فۆکۆ نەخوێندرێتەوە بە لکو بە پێچەوانەوە فۆکۆ وەرچەرخانێکی گەورەی فەلسەفی دروستکرد، قەتیعەیەکی مەعریفی لەنیوان ئینسانەکانی سەدەی هەژدەو بیستدا هێنایە ئاراوە بەوەی کە ڕایگەیاند سەدەی بیست سەدەی لە دایك بوونی مرۆڤە، هەریەك لەپەیوەندی نیوان دەسەڵات ومەعریفە شی لە فۆرمیکی تازەدا بەرجە ستەکرد هەروەها ڕەخنەیەکی توندیشی لە چەمکی فەلسەفی ڕۆسۆ گرت لە مەر پەیمانی کۆمەڵایەتی وئە نادیارەی بەدیار خست کە ئەوەی لەدەرەوەی کۆمە لگـایەوەیە، فرسەخێك لە پێش کۆمەڵگاوەیە لە بواری مەعریفیجیهانی شیتیش کە پربەهاترین پنتی مەعریفیە فۆکۆ کاری جددی لەپێناو کردوە فۆ کۆ بە خەلیفە ینیچە ویناەکریت بەڵام هەرزوو ڕێچکە مەعریفیە کانی ئەوی بەجیهیشتوە تێی پەراندوە ئەوە بۆفەیلە سوفەکانی تریش بەهەمان شیوە هەریەکەو ئەویتری تیچەراندوە زۆرجاری واهەبوە فەیلە سوفێك سەراپای چەمکە فەلسەفیەکانی فەیلە سوفی پێش خۆی گۆڕیوە بۆ نموونە سوکرات مامۆستای ئەفلاتوون بوە بڕوای بە دیمکراسیەت هە بووە، لەدوای ژەهر خۆارکردنی سوکرات لەلایەن ئەو مەجلیسەی کە خەڵکی ئەسینا هەڵیان بژاردبوو. ئەفلاتوون بڕوای بە دیمکراسی نەماو بە دەسەڵاتی کۆیلەکان دەست نیشانی کرد. ئەرستۆی قوتابی ئەفلاتوونیش بە هەمان شێوە ڕێچکەیەکی تری فەلسەفی گرت وئەفلاتوونی تێپەڕاند نموونەی تریش زۆرن بەڵام ئە دوو نموونەیە بەسە بۆ چوونە ناو نووسینە کەمان، دەبی خوێنەر لەوە بەئاگابێتەوە کەئەرکێکی مەعریفی دەکەوێتە سەر، ئەویش ئەوەیە کەدەبی لە سەرێکەوە نووسەر بکوژی و لەسەرەکەی تریشەوە تێی بپەڕێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش ووتەیەکی نیتشە بەنموونە دەهێنینەوە کە دەڵی" ئەوەی بیەوێت نیتشەیی بێت پێویستە نیتشەیی نەبێت ". مەبەستی نیتشە لەوەدایە کەدەبی خوێنەری جددی، نووسەر تێبپەڕێنێت. نیتشە خۆی ئەو کەسانەی تێپەڕاندووە کەلەسیاقێکی زەمەنیدا سەرسامیان بوو، لەسیاقێکی تری زەمەنیدا تێیان دەپەڕێنی،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

واتە جوانترین شت لە ناو بواری مەعریفیدا قەلەقی وگومان و تیپەراندنە، بەومانایەی ئێمە تاوەکو ئەو دابرانە مەعریفیە نەکەین لەنیوان دەق و نووسەردا، ناتوانین ببینە خاوەنی دەق. ئەشی نووسەرێك پر بەهاترین دەقمان پیشکەش بکات، بەڵام خۆی بەهیچ شێوەیەك لەبواری مەیدانیدا پابەند نەبێت پێیەوە کەئەمە کارێکی زۆر مەدەنیانەیەو لەوێوە دەتوانین خوێنەری جددی بەرهەم بهێنین، کەچی بەداخەوە ئێستا رێچکەیەکی زۆر تەقلیدی لەکوردستاندا بەدی دەکرێت کەدەق یەکسان دەکرێتەوە بەنووسەر، زۆرجاری واهەبووە بەرلەوەی نووسینی نوسەرێك بخوێندرێتەوە، مەحکومی دەکەن و دەیان نا وناتۆرەشی لی دەبیننەوە، دۆزینەوەی ناوو ناتورە ئەگەر نەبێتە مایەی نەخوێندنەوەی نووسینەکە زۆر ئاساییە، بەڵام گرفتی سەرەکی لەوە دایە، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەی بابەتەکە، لەم ناوەدا نووسەر زەرەرمەند نابێت، بەقەد ئەوەی خوێنەر بی بەش دەبێت لەدەقێك، یاخود ڕەخنەیەك کە لەدەسەڵات دەگیرێت، من پێم وایە ئەوە نەخوشیەکی کوشندەیە، پێویستە نوسەران وناوەندە مەعریفیەکان کاری جددی لەسەر بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرێدانەی دەق لەگەڵ نووسەردا، لە کۆمەلێك بواری تریشدا گرفتمان بۆ دروست دەکەن دەبیتە دەزگایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوەیەك کەناتوانێت لە گەل تووخمە فەلسەفیەکاندا مواکەبە بکات، بەڵکووهەموو ئەو پنتە فەلسەفیانە گریدەداتەوە بەباگراوندو ژیانیتاکەکەسی نووسەر، دەبێ لەپرۆسەیەکی وادا رەسیدبدەینە دەسەڵات کەکاری جددی دەکات لەپێناو دوورکەوتنەوەی نەوەی نوی لەبوارەمەعریفیەکاندا، نموونەشمان زۆرە ئەوەی لەگەل فاروق رەفیق کرا لەلایەن چەند ناوەندێکی دەسەڵات گرێدراوی راستەوخۆی ئەم پرۆسەیە بوو کەدەسەڵات کاری لەسەرکردوە. لەسەرەکەی تریشەوە ناوەندگەلێك بەناوی ئوپۆزسیونەوە بەهەموو توانای خۆیانەوە کارلەسەرئەو دەقانە دەکەن کەلەلای کۆملێك نووسەری ناو پارتەسیاسیەکان دەکەن هەڵویستی خۆیان لەگەل دەقەکان تێکەل دەکەن کەزۆربەی نووسەرەکان خاوەنی دەقن دەتواندرێت سوود لە نووسینەکانیان وەربگیردرێت لەبەرهەڵویستی سیاسیان خوینەریان لەدەست داوە ئەوتێکەل کردنەی نووسەرو باگراوندە کاریگەری زۆریکردۆتە سەر شاکارە ئەدەبیەکان زۆرجار لێرەولەوی گوێبیستی تیروانینی هێندە سادەو ساوێلکە دەبینەوە کەجێگای سەرسومانە زۆر کۆلکە نووسەرمان بینیوە بەگاڵتەجاریەوە قسەی لەسەرئەم نووسەرانە کردوە یاخود ئەگەر بەجددیش شاکارەکانی ئە و نووسەرانە ببنە مایەی هەڵسانی ئاستی ژیاریان بەڵام هێشتا دانیپێدا نانێت یاخود تاوانباری دەکات بەوەی کە نووسینی بیانی دەدزێت ئەم تاوانە مەعریفیەش لەگەل زۆرێك لە نووسەرانکراوە. تیروانینێکی سەقەتی تریش ئێستا لە ئارادەیە بەوەی کەناویان ناوە ئیستقراری فیکری ئەمە یەکێکە لە کفری مەعریفی چونکە گومان وقەلەقی جوانترین و پڕ بەهاترین پنتی مەعریفین لەناو فەلسەفەدا گومان تاکە کاراکتەری گەیشتنە بە نادیار لەویوە لەتوونیلێکی مەعریفیەوە واتە ئە پستمولۆژیاوە دەتوانین راڤەی ئەودیوی شتەکان ببینین واتە ئەپستمولۆژیا شتەکان دەکات بە ووشەکان ئەمەش لەژانی نووسەرەوە سەرچاوەدەگرێت لەکاتیدا نووسەریك ژانی نووسینیکی گرت. ئەوە ڕاستەو خو بەئیلهامێك دەگات. ئەودیوی رێکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان ومێژوو دەخاتەوە ژێر پرسیار هەر بۆیەش نیتشە دووژمنی سەختی مێژوو بوو لەشوینێکدا بە توونی هێرش دەکاتە سەرمێژوو بە گەورەترین درۆی دادەنێت کەدەڵێت مێژوو جگە لە درویێکی گەورە شتیکیتر نیە بەشێك لەڕ-استیش لەم قسەیەدا هەیە تاکوو گالیلۆ ئەم تێزەی نەدوزیەوە کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە چەندین سەدە مرۆڤایەتی لەناو درۆیێکی گەورەدا ژیانی بەسەردەبرد کەواتە ئەوە قەلەقیە کە دەبێتە ئەومسافیرەی بەدوای نادیاردا دەگەرێت نۆرم وستاییلی تری ژیان بەرهەم دینی. چونکە سی جۆرلەبیرکردنەوە لەئارادا هەن.
یەکەمیان:ئەوەی بیر ی لی کراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دووەمیان: ئەوەی بیری لیدەکریتەوە

سییەمیان: ئەوەی بیریلینەکراوەتەوە

.کەواتە ئێمە دەبێت مەسفایێك لە نێوان ئەم سی سیاقە مێژوویەدا دابنین، دەبێت گومان لە وە بکەین کە بیری لێکراوەتەوە، خودی بیرکردنەوەی ئێستامان دەبێتە ئەو گومانەی کەباسی دەکەین، لەنێوان گومان وبیرکردنەوەدا شتێك دەدۆزینەوە کە ناومان ناوە ئەوەی بیریلی نەکراوەتەوە، ئەوە ئەو مەسفایەیە کە پێویستە ئێمە لەنێوانی خۆمان و ئەو ئادیایەدا دا بینێین. لەو کاتەیدا ئەومەسفایەی لە نێوان خۆمان و ئەوئایدیایەوە دادەنێین. لەوێوەو دەتوانین زۆرترین مەساحەی مەعریفە داگیربکەین و ببینەخاوەنی دەقی کوردی کە ئێمە لە مێژوودا خاوەنی نەبووین. ئەوە ڕووکنە گرنگەکانی ئەو تێزە فەلسەفیە بوو کە نیچە یەکێکە لە داهێنەرانی ئەم مەعریفەیە. ئەو قەلە قیەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین گرێدراوی ڕاستەوخۆی ئەنگێزە فکریەکانە کە هەوڵدەدەن وەزیفەیەك بەژیانمان ببخەشن. ئەم پیلانەی ئایدلۆژیە لەسەرەتاوە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی ناراستەو خۆ فکرمان داگیر بکات سیستمێکی تراندیستال لەناو زاکیرەماندا تەوزیف دەکات بەوەی ئەویدی هێندە هاونیشتمانیێکی لاوازە پێویستی بەشەریکێکی باڵا هەیە بۆبەرێکردنی ژیانی ڕۆژانەی. وە هەروەها فکری داگیر کەر. کەدڵێم داگیر کەر مەبەستم لەداگیرکردنی هەژموونی فکریە. دەیەوێت هەموو بوونی خۆی لا بخاتەوە ژێر پرسیار. واتە کەسێك دەبی کە بوغز لەهەموو ڕەسەنایەتی تاکەکەسی خۆت بکات. وە ئیلهام لەجیهانی دەرەوی خۆیان وەردەگرن واتە ئینسانێکی دەرەوەی خۆی دەبێت ئەم جۆرە کەسایەتیەش لە مێژوودا بە کەسی کۆییلە ناسراوە کە بەردەوام پێویستی بە پاڵنەرێکی ترەوە هەیە. کە وەزیفەیەك لەلایەن شەریکێکی باڵاوە بەژیانی ببەخشی. ئەو کەسایەتیە ترسناکە لەو پنتە وە سەرچاوە دەگرێت کە ناتووانێت نووسەر تێبپە ڕینێت ودەچێتە ژێرهەژمونی ئایدیاکە. لەمبارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە دوو جۆر ڕستە بدەین. (ڕستەی نەزۆك) و (ڕستەی زاووزێکەر)

یەکەمیان: ڕستەی نەزۆك

کەڕستەی نەزۆکە ئەو ڕستەیەیە کە خوێنەر بە شێوەیەکی تیۆلۆژی وەك عەقیدە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات واتە لەنووسینەکەدا دەچێتە پانتایی باوەڕەوە بە شێوەیەکی شاقووڵی نووسراوەکە وەردەگرێت ودیالۆك لەگەل نووسینەکەدا ناکات لەگەڵ نووسینەکە (تێوف) دەکات ئەم نموونە شمان زۆرن چەندین نووسینمان هەن لەسەر نووسەرەرانی دیاری کورد بەریزان بەختیار وفاروق ومەریوان وچەند نووسەریکی تر، نووسراون لەنووسینەکاندا بچووکی نووسەرەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە بە شێوەیەك ئەم نووسەرانە ئەفرێندراوە ڕەنگە بەرێزانە خۆیان ئەمەیان پی قبووڵ نە بێت.

دووەمیان: ڕستەی زاووزێکەر

ڕستەی زاوو زێکەر ئەم ڕستەیەیان ڕستەیەکە کەدیالکتیکی مەعریفی لەنێوان خوێنەرو نووسەردا دروست دەکات وەك ئەو وەسفەی لینین بۆ کادری خزبی هەیەتی. دەڵێت کادر لەسەرێك خوێنکارەو لە سەرەکەی تریشەوە مامۆستا واتە مەعریفەی لی وەردەگرێت و نەقدیشی دەکات. کەئەمە پرۆسەی تێپەڕاندنە. ئەو مەعریفەیەی لە نووسەرەکە وەریدەگرێت لەدوای (تەفکیك) هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەدا پەخشی دەکاتەوە. سەرئاڵتی ئەم ڕستەی زاوزێکەرە ئەوەیە کە لەنێوان دووڕستەدا ڕستەی سێیەم لەدایك دەبێت ڕستەی سێیەم دەبێتە داینەمۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری بە شێوەیەکی دیالیکتیکی بەرەو جیهانی نادیاردا هەنگاو دەنێت بە چە مکی نەفی نەفیوە دەتوانین بگەین بە تووخمە فەلسەفیە نەدۆزراوەکان. ئەم جۆرەخوێنەرە دەبێتە دەزگایێکی بە هێزی خولقاندن چی لەڕووی سیاسیەوە یاخود لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانێت خەڵقی فەزایێکی تازە بکات و ئەگەر ناوەندگەلی ئەکتیڤ ئامادەیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەبێت دەتوانن لەرێگەی درووستكردنی تۆرێكی بە هێزی مەعریفیەوە فەزای گشتی بخولقێنن كە ئێمە ئێستا زۆر پێویستیمان پێ هەیە. بەڵام بەوستاییلەی ئێستای خوێنەری كوردی زیاتر پەرتەوازە وزەلیلی بەردەستی گشت ئایدیا توندڕەكان دەبینەوە و ماڵی مەعریفەش خاپووردەبێت.

بۆیە پێویستە بە شێوازێكی عەقلانیتر لەوەی كە هەیە لە نووسین ودەقەكان بڕوانین و لەسی میحوەری فكریەوە نووسەر بكوژین. سەرەتا مەرگی نووسەر رابگەیەنین ناوەكەی دایماڵین لە مەتنی نووسینەكەو باگراوندو مێژووی نووسەر بدەینەوە بە خۆیی و نووسینەكەشی وەك دەقێك بە گومانەوە لیبڕوانیین و دواتر دەقەكەی هەڵبوەشێنینەوەو دەقێكی تری لی دروست بكەینەوە و بە ئەویدی خوێنەری بسپێرینەوە بەم شیوە یە دەبینە خولّقینەری مەعریفە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.